# بەرد دەگرنە ئەو کانیاوەی کە ئاوی لێدەخۆنەوە



**چنار نامق**
**chnarnamq@yahoo.com**

شارستانییەتەکان لە چیاکانی کوردستانەوە دەستیان پێکرد و هاتنە ناوەڕاست، یەکەمین شارستانی لە کوردستانەوە سەری هەڵدا کە ئێستا عێراق شانازیان پێوە دەکات داگیرکەران لە کاتی شەڕەکانی ئەو سەردەمەدا دەستیان بەسەردا گرت لە کوردییەت دایانماڵی و بەرگی خۆیان لەبەر کردوو ماکیاژیان کرد، بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێنا، بەڵام مێژوو لە تۆمارگەی خۆیدا ونی نەکردوون، تاکی کورد لە هەموو دراوسێیەکانی هۆشمەند و پێشکەوتووترە لە رووی هزرەوە هەمیشە زووتر بیری نوێ و تێڕوانینی نوێ و داهێنەرانە وەردەگرێت و دەڕوانێتە لایەنە هەمەچەشنەکانی ژیان، بەڵام بە درێژایی مێژووی خوێناوی ئەم گەلە ستەم دیدەیە، ناسەقامگیری باری ئارامی ناوچەکە وایکردووە، کورد سەرقاڵی خەبات و تێکۆشان بێت و بێبەش بێت لە لایەنە شارستانییەکانی ژیان و بکەوێتە بەر شاڵاوی داگیرکاری هەمە لایەنە، بەڕادەیەک بواری بیرکردنەوەی نەبێت و لە پینتێکی دیاریکراودا بخولێتەوە، لەگەڵ ئەم هەموو وێرانکاری و داگیرکاری و جەوروستەمەی رۆژگار بەسەر ئێمەی سەپاندووە ئەم گەلە تێکۆشاوە و قارەمانییەتی خۆی لە دەست نەداوە، لە رووی شارستانییەوە، مێژوو گەواهیدەری ئەم مەسەلەیەن، بەر لە هاتنی ئیسلام، ئافرەت شان بەشانی پیاو کاری کردووە و حوکمڕانییەتی وڵاتی کردووە بە هاتنی ئیسلام ئافرەتی کورد زۆر لە دەسکەوتەکانی لە دەسدا، بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانمان و بەرەوپێشچوون و برەودان بە کێشە رەواکانمان، پێویستە رێگە نەدەین داگیرکەران مێژوو ئایندەمان رەش بکەن ئەو مێژووەی بە تروسکەی چرایەک گەیشتۆتە ئەمڕۆ و لە جیهانبینیدا هیچمان لە دەوڵەتە ئەقلیمییەکان کەمتر نییە، بگرە لە زۆر لایەن دەکرێت لەوان پێشکەوتووتربین. بێگومان هزری تاکی کورد بەگشتی و نەوەی نوێ بەتایبەتی، چیدی داگیرکاری و ژێر دەستی پێقبوڵ ناکرێت لەژێر هەر ناونیشانێکدابێت، چونکە ئەم نەوەیە لە کەشێکی ئازاددا هاتوونەتە بوونەوە و هەمیشە یاخیین و فێربوون لە سای ئازادیدا دەنگی خۆیان بەرزکردۆتەوە، نموونەی ئەوەش وەڵامدانەوەی تورکیا بوو دەمێک بەنیاز بوو دەس لە کاروباری ناوخۆی کوردستان وەربدات، ئەودەم لاوان ئامادەیی بەرەنگاربوونەوەی خۆیان راگەیاند (بە هەردوو) رەگەز، بۆ تێکۆشان دژی هەر هێزێکی دەرەکی کە بییەوێت داگیرمان کات.

بێگومان گەر سەرکردایەتیمان بە حیکمەتی خۆی کێشەکەی چارەسەر نەکردبا ئەوا لاوان خۆیان دەکردە قەڵغان بۆ بەرگریکردن لە ئازادی و سەروەری ئەمە هەڵوێستی گەلی کورد بوو کە هەمیشە داری ئازادی بە خوێن ئاودەدات تا ژیان هەمیشە بەهار بێت و بەسەرفزاری بەڕێوە بچێت ئەمڕۆ ئەرکێکی هەرە مەزن لە ئەستۆی ئێمەی کورددایە کە هیچی لەو شۆڕشانە کەمتر نییە کە لە دێرزەمانەوە هەڵگیرساوە، ئەمە بەری رەنجی ئەو هەموو ساڵە خەبات و تێکۆشانەیە ئەمڕۆ لە سای هەڵبژاردندا دەتوانین بەدی بهێنین و پەرەی پێبدەین بۆ چەسپاندن و بەدیهێنانی ئامانجەکانمان، بێگومان دەنگدان ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، هەرچەندە لە پێناویدا تێبکۆشین کەمەو هێشتا ویژاندمان ئاسوودە نییە، کاتی ئەوە هاتووە شەهیدانمان سەرفرازبن بە بەرزکردنەوەی ئاڵای شەکاوەی «دەوڵەتی کوردستان»

ئاخر شەهیدان هیچیان لە نیشتمان نەدەویست تەنیا شەکانەوەی «ئاڵا» نەبێت.

ئەوان نەک تەنیا هیچیان لە نیشتمان نەدەویست بەڵکو سەروماڵ و خوێنی خۆیاندا لە بەرۆکی سەرفرازی وەتەن و هەمیشە دەیانگوت زەڕەیەک خاکی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری

جۆگەلە و کانی وەکو کەوسەر هەوای وەک جەنەتە

با لە چاوی شەهیدانەوە بڕوانینە نیشتمان و گەمەی بەرژەوەندییەکان وەلاوەنێین، دەنگەکانمان وەک چەپکە گوڵ بخەینە سەرمەزاری ئەو کەسانەی خوێنیان کردە دیاری ئەم خاکە و رەنگە رۆژی مەحشەریش هەر خۆیان بە قەرزاری بزانن.

جێگەی داخە کە کەسانێک هەن لە ئاوی ئەم وڵاتە دەخۆنەوە و هەوای سازگاری ئەم شارە هەڵدەمژن و لە داموودەزگا ئیداری و حزبییەکانی کاردەکەن.

کەچی زۆر نابەرپرسن بەرامبەر بە مەسەلەی هەڵبژاردن و بە راشکاوی نامەسئولییەتی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بەو پرۆسەیە ئەوان نەک تەنیا گیانی بەرپرسێتییان تێدا نییە بەرامبەر بەو دەزگا حزبییەی کاری تێدا دەکەن.

بەڵکو ئەوان نابەرپرسی خۆیان بەرامبەر بە ئەرکە نەتەوەییەکەی خۆیان راگەیاندووە و دەڵێی کوڕی ئەم خاک و نیشتمانە نین جێگای داخێکی گەورەیە ئەدی بیرناکەنەوە، وا دیارە بیریان لە ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە کردۆتەوە بۆ نەتەوە و زمانە رەسەنەکەیان.

تێکۆشان مەسەلەیەکی نەتەوەییە لە نەستی مرۆڤدا چەق دەبەستێت بۆیە، من پێم گرنگ نییە سوودمەندم یان زەرەرمەند لە سایەی نیشتمان، ئاخر نیشتمان لە هیچدا تاوانی نییە ئەو چاوەڕێی دەستی ئێمەیە ئاوەدانی کەینەوە و هەمیشە بە گیانی لێبوردەییەوە و دوور لە گەمەی بەرژەوەندییەکان، دەنگ بدەین بە خاک و خۆڵ و بڵێین خوایە وەتەن ئاواکەی چەند دڵگیرو شیرینە.